ئابووری

کوردستان 234 ملیۆن دۆلاری داهاتی نەوت لە بەغدا وەردەگرێ

ڕووداو- Dow Jones

لەداهاتی ئەو نەوتەی لە مانگەکانی شوبات و ئاداردا ڕەوانەی دەرەوە کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان 243 ملیۆن دۆلاری لە بەغداوە وەرگرت. ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان ڕایگەیاند کە ئەو پارەیە دەدرێتە سێ کۆمپانیای وەبەرهێنەری نەوت لەوانەی لەهەردوو کێڵگەی زاخۆ و تەقتەق کاردەکەن. ئەمە یەکەم برە پارەی داهاتی نەوتە کە هەرێمی کوردستان بۆ خەرجی و هەقی کۆمپانیاکان وەریدەگرێت، ئەوەش بریتییە لە 50%ی داهاتی ئەو نەوتەی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان کە لەماوەی ئەو دوو مانگەدا لەڕێگەی بۆڕی نەوتی نیشتمانی عێراقەوە هەناردە کراوە کە نزیکەی 2.1 ملیۆن بەرمیل بووە.

$100 = 120650

$ 715 = 1تەن شیشی خۆماڵی

$ 740 = 1تەن شیشی هاوردە

€100 = 173750

$ 105 = 1تەن چیمەنتۆی خۆماڵی

$110 = 1تەن چیمەنتۆی تورکی

(ڕووداو) فایلی دابەشکردنی زەوی و موساتەحە لە عەنکاوە هەڵدەداتەوە

سەرۆکی شارەوانی عەنکاوە دەدرێتە دادگا و بەڕێوەبەری ناحیەش لا دەدرێ

سالح قادر

ڕووداو - عەنکاوە

سەرۆکی شارەوانی عەنکاوە لەسەر دابەشکردنی چوار هەزار پارچە زەوی دەدرێتە دادگا، ئەویش ئەو کارە بە شتێکی شەخسی وەسفدەکات و دەڵێ "لە دادگا من براوە دەبم". لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری ناحیە لەسەر کارەکەی لادەدرێ و بەڕێوەبەری کارگێڕی دادگای بەرایی عەنکاوە لە شوێنەکەی دادەنرێ.

ئەوەی سکاڵای لەسەر سەرۆکی شارەوانی عەنکاوە تۆمارکردووە، جەمال مەرقۆس، سەرۆکی پێشووی شارەوانی عەنکاوەیە. هەرچەندە ناوبراو ئامادەنەبوو هیچ قسەیەک لەوبارەوە بکات، بەڵام تائێستا چەندین بابەتی لەسەر "کەموکورییەکان"ی بەرپرسانی ئیداری شارۆچکەی عەنکاوە لە ماڵپەڕی عەنکاوەدا بڵاوکردووەتەوە. مەرقۆس کە کادیرێکی پارتییە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشی بە نامە لەو کەموکوڕیانە ئاگادار کردووەتەوە.

شارۆچکەی عەنکاوە کە نزیکەی 10 هەزار ماڵ دەبێ، کە زۆربەیان مەسیحین، لەساڵی 2006 شارەوانییەکەی خرایە سەر ئەنجوومەنی وەزیران.

4 هەزار پارچە زەوی دراوەتە کێ؟

لە ماوەی ڕابردوودا نزیکەی چوار هەزار پارچە زەوی لە شارۆچکەی عەنکاوە دابەشکراون، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەشێکی زۆر لەو زەویانە دراونەتە ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری شارەوانی عەنکاوەن، حکومەتیش دەتوانێ سەیری فایلەکانی شارەوانی بکات و ئەوکات ئەمەی بۆ ڕووندەبێتەوە". ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەناوی یەکێک لەوانەدا کە خەڵکی هەرێمی کوردستان نییە و لە عەنکاوە زەوی پێدراوە "هاووڵاتی ماریا جان عەبدولمەسیح، کە خەڵکی بەغدایە پارچە زەویەکی لە سنووری شارەوانی عەنکاوە وەرگرتووە، بە ژمارە 848/108 کەرتی 5ی عەنکاوە، کە ڕووبەرەکەی 248 مەتر دووجایە، هەر دوای وەرگرتنی یەکسەر فرۆشتوویەتییەوە بە شێرزاد کان حەنا شەقلاوەیی".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "چەندین مەسیحی کۆیە، شەقلاوە، دیانە و هاودیان و بادینان و موسڵ لە عەنکاوە زەویان وەرگرتووە"، هەروەها گوتی "زۆربەی ئەو زەویانە بەدەر لە ڕێنماییەکان دابەشکراون".

فەرهاد مەنسور، سەرۆکی شارەوانی عەنکاوە، مەرجەکانی وەرگرتنی زەوی ئاشکرا کرد و گوتی "دەبێ ئەوکەسە 10 ساڵ لە عەنکاوە نیشتەجێ بووبێ، ئەوانەی زەویان لە عەنکاوە وەرگرتووە دانیشتووانی شارۆچکەی عەنکاوەن". سەبارەت ماریا و نموونەی وەک ئەویش گوتی "ڕاستە ئەوان خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، بەڵام ئەوانە لێرە فەرمانبەرن، بۆ نموونە ماریا پێنج ساڵە فەرمانبەرە لە شارەوانی عەنکاوە". گوتیشی "بەردەوام لە ئیشکردن نسبەی هەڵە دابنێ، 4 هەزار پارچە زەوی دابەشکراوە، باسی یەک پارچە زەوی دەکرێ".

زەوی موساتەحە بۆ فرۆشتن

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، چەندین پارچە زەوی لە شارۆچکەی عەنکاوە بە ڕووبەرێکی زۆرەوە بە موساتەحە وەرگیراون و بەبێ ئەوەی پڕۆژەیان لەسەر دروستبکرێ، هەندێکیشیان فرۆشراونەتەوە. لەوانەش :

پارچە زەوی ژمارە 1147/128 کە ڕووبەرەکەی 5600 مەتردووجایە، بە موساتەحە دراوەتە ڕینا سلێوە شەقلاوەیی، بەڵام تائێستا کاری لەسەر نەکراوە، ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ڕینا زەویەکەی فرۆشتووەتەوە بە ئیلی لوبنانی، ئیلیش ئێستا دەیەوێ بیفرۆشێتە کەسێکی دیکە".

پارچە زەوی ژمارە 98 کەرتی 5ی عەنکاوە، ڕووبەرەکەی 700 مەتر دووجایە، بە موساتەحە دراوەتە ولسن پۆڵس نیسان، بەڵام لە 19/4/ 2010 زەویەکەی فرۆشتووەتە کەسێک بەناوی هەژار مستەفا محەممەد.

پارچە زەوی ژمارە 1147/128 کە ڕووبەرەکەی 25 هەزار مەترە لە کەرتی 5ی عەنکاوە، بە موساتەحە دراوەتە ئوزەیرا زخریا ئیسحاق، بەڵام ناوبراو فرۆشتوویەتییەوە بە

ئەنجامدانی پرۆژەیەک لە عەنکاوە

(فۆتۆ : شێروان موحسین)

کۆمپانیای هومس ئینتەرناشناڵ گرووپ.

فەرهاد مەنسوور لەبارەی فرۆشتنەوەی زەوی موساتەحە گوتی "خاوەن گرێبەست دەتوانێ خەڵک بەشدار بکات لە پڕۆژەکەی، بەڵام ئەگەر بیفرۆشێتەوە دەبێ 20%ی کرێ بداتە حکومەت". ناوبراو ئاشکرایکرد هەردوو گرێبەستی ئوزەیراو ڕێنایان هەڵوەشاندووەتەوە "ئەوان فێڵیان لە حکومەت کردبوو، بە دزی زەویەکەی فرۆشتبوو".

بە هەزاران مەتر زەوی تاپۆ دەکرێن

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، چەند شوێنێکی خزمەتگوزاری زەویەکانیان لەسەر هاووڵاتیان تاپۆکراوە، لەوانەش (سوق محلی)، کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە 2000 مەتر دووجا و دەکەوێتە نێوەڕاستی عەنکاوە، لەسەر هاووڵاتی هاوێر جەبەلی تاپۆ کراوە.

بەپێی نووسراوی ژمارە 2058ی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە 2011/8/31 دەرچووە، ڕووبەری 10800 مەتر دووجایە لەسەر هاووڵاتی ویسام سەخریا مەرقس، تاپۆکراوە، کە لە ئەسڵدا خەڵکی شارۆچکەی کۆیەیە و ئێستا لە وڵاتی سوێد دادەنیشێ.

هەروەها زەوی ژمارە 115/50 کەرتی 5ی عەنکاوە، کە ڕووبەرەکەی 5 دۆنمە بە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە 22655 لە ڕۆژی 2009/9/9 لەسەر هاووڵاتی نەجیب ئاغاجان مامەندۆ تاپۆکراوە بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆنی عەشتار.

سەرچاوەکەی (ڕووداو) ئاماژەی بەوەدا کە "ئەو زەویەی کەناڵی عەشتار موڵکی چەند هاووڵاتییەک بووە، دوای ئەوەی ئەو هاووڵاتیانە ناڕەزاییان دەربڕیوە کێشەکە بە سوڵحی عەشایری چارەسەرکراوەو لە شوێنی دیکە زەویان بۆ تەرخانکراوە".

سەبارەت بەو زەویانەی لەسەر ویسام تاپۆ کراوە، سەرۆکی شارەوانی عەنکاوە گوتی "هیچ قسەیەکم نییە لەسەر ئەوانە، کە دەڵێی نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیرانە تەواو. من پەیوەندیم پێوە نییە و ناتوانم فەرمانی سەرووی خۆم ڕەتبکەمەوە". گوتیشی "ئەوەی هاوێر جەبەلی کاتی خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران پێی فرۆشراوەو ئێستا موڵکی ئەوە".

سەبارەت بە زەوی کەناڵی عەشتاریش، سەرۆکی شارەوانی عەنکاوە گوتی "کەناڵی میللەتێکە، هەر موڵکێکی ئەو کەناڵە موڵکی ئەو میللەتەیە، ئەوان داواکارییەکیان پێشکەشکردو ئەو زەویەیان پێدرا"، بەڵام ناوبراو ڕەتیکردەوە کە ئەو زەویەی پێیاندراوە موڵکی خەڵکی دیکە بووبێ "موڵکی شارەوانی عەنکاوە بوو".

سەرۆکی شارەوانی زەوی تەنیا دەداتە دایکی

بەپێی نووسراوێکی ئەنجوومەنی وەزیران بە ژمارە 10246 لە 2005/9/13 ، بڕیاردراوە بە تەرخانکردنی 13 پارچە زەوی بۆ 13 هاووڵاتی دانیشتووی عەنکاوە، بەڵام دواتر سەرۆکی شارەوانی تەنیا یەک پارچە زەوی داوەتە ئەو 13 هاووڵاتییە، ئەویش "بجۆ شەمعون یەڵدا" بووە، کە دایکی سەرۆکی شارەوانییە.

سەرچاوەکەی (ڕووداو) لەوبارەوە گوتی "کێشەکە گەیشتە دادگا دواتر ئەو 12 هاووڵاتییە زەوییان بۆ تەرخانکرا، بەڵام لە شوێنێکی زۆر دوورتر لەو شوێنەی زەوی دراوەتە دایکی سەرۆکی شارەوانی".

سەرۆکی شارەوانی ئەوەی پشتڕاستکردەوەو گوتی "ئەو زەویە پیرۆزی دایکم بێ، لەبەرئەوەی باوکم پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو، 6 ساڵ نەفیکرا بۆ کوت و لەوێ لە خۆپیشاندان تەقەی لێکراو بریندار بوو، دووجار ماڵمان تاڵان کراوە، ئایا دوای ئەو هەموو شتانەی باوکم کردوویەتی، شایستەی ئەوە نییە پارچە زەویەکی بدرێتێ؟".

حکومەت لەبەر بێ پارەیی زەوی روکن دەفرۆشێ

لەکاتی دابەشکردنی زەویدا شارەوانی دەتوانێ زەویە روکنەکان دابەشنەکات و بە موزایەدە بیانفرۆشێتەوە، بەپێی بڕگە 3 لە مادەی 4ی ڕێنماییەکانی (ادارە البلدیات و تعلیماتە) نابێ کارمەندەکانی شارەوانی و خزمەکانیان تاوەکو پلەی چوار بەشداری لەو موزایەدە کردنانە بکەن، بەڵام سەرچاوەکەی (ڕووداو) دەڵێ "شارەوانی عەنکاوە ڕێگەی بەو کارە داوە لەکاتی فرۆشتنی چەند پارچە زەویەک".

بەپێی زانیارییەکان زەوی ژمارە 29/270 کەرتی 5ی عەنکاوە، کە زەوی روکنە لەلایەن ئیڤل سەلمان قریاقۆس کڕدراوە، کە ڕووپێوە لە شارەوانی. هەروەها زەوی ژمارە 339/161 لە کەرتی 5ی عەنکاوە لەلایەن کچێکەوە کڕدراوە بەناوی ئاتور نیسان پۆڵس کە کچی ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارەوانییە.

فەرهاد مەنسور پشتڕاستیکردەوە کە ئەو دوو کەسە زەوی روکنیان کڕیوە، بەڵام گوتی "ئەوە بە موزایەدە نەبوو، لە 2003 بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە زۆرباش نەبوو، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی تایبەتی دەرکرد بۆ فرۆشتنی ئەو زەویانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، حکومەت لە ناچاری ئەو زەویانەی فرۆشت، نزیکەی 400 - 500 پارچە زەویمان فرۆشت، کە بایی 1 ملیۆن دۆلار بوو، پارەکەش چووە خەزێنەی حکومەت".

پڕۆژەی موساتەحەکان بە گوێرەی گرێبەستەکان ناکرێن

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون چەندین پڕۆژە کە بە موساتەحە وەرگیراون، بەپێی گرێبەستەکانیان دروستنەکراون، کە لەنێوان شارەوانی و خاوەن پڕۆژەکە کراون.

بۆ نموونە سەیرانگەی عەنکاوە کە بە موساتەحە دراوە، خاوەنی گرێبەستەکە چەند دووکانێکی لەناو سەیرانگەکەدا دروستکردووە، کە لەگرێبەستەکەدا نەبووە، هەروەها دووکانەکانیشی ڕووی لە شەقامی دەرەوەی سەیرانگە کردووە، هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی هەولێر و ناحیەی عەنکاوە، سەرۆکایەتی شارەوانی عەنکاوەیان لەو سەرپێچییە ئاگادار کردووەتەوە.

سەرۆکی شارەوانی ئەو کارە بە ئاسایی دەزانێ و دەڵێ "ئێمە شەڕ لەگەڵ خەڵک ناکەین، دەبێ حکومەت مەمنون بێ خەڵک بێ موساتەحە بکات، چەند هاوکاری خەڵکی خۆمان بکەین، هەر کەمە".

پارچە زەوی ژمارە 85/570 لە کەرتی پێنجی عەنکاوە، کە لەبنەڕەتدا بۆ فرۆشتنی موەلیدەی کارەبایی بە موساتەحە دراوە، بەڵام دواتر زەویەکە کراوەتە دەرمانخانە.

سەرۆکی شارەوانی لەبارەی ئەو موساتەحەیە دەڵێ "ئەو هاووڵاتییە هاتە لای ئێمە گوتی بارودۆخی کارەبا باشبووەو دەمەوێ زەویەکە بکەمە دەرمانخانە، ئێمەش پێشنیازی ئەو هاووڵاتییەمان خستە بەردەم ئەنجوومەنی شارەوانی ئەوانیش پێیانباشبوو". گوتیشی "ئێمە بۆ موساتەحە تەنیا ڕێگە بە کردنەوەی باڕ نادەین لە عەنکاوە".

184 ملیۆن دینار بۆ ئامادەکردنی هۆڵێک

بەپێی ئەو بەڵگەنامەی دراوەتە (ڕووداو) بڕی 184 ملیۆن و 877 هەزار دینار بۆ ئامادەکردنی هۆڵێک لە کۆمەڵگەی کارگێڕی عەنکاوە تەرخانکراوە، بەڵام سەرچاوەکەی (ڕووداو) ئەو پارەیە بە زۆر دەزانێ و دەڵێ "با لێکۆڵینەوە بکرێ بزانن ئەو برە پارەیەی تێدەچێ؟".

بەڵام سەرۆکی شارەوانی ئەو برە پارەیە بە زۆر نازانێ و دەڵێت "هۆڵێکی کۆبوونەوەی گەورەیە پڕمان کردووە لە کورسی، 220 کورسی تێدایە هەر یەکێکیان بە 55 دۆلار کڕدراوە، جگە لە دیکۆر و ئامێرە دەنگییەکان". گوتیشی "ئەو کارە لە ڕێگەی لێژنەیەکی تایبەت کراوەوهەمووەوسڵەکانیش ماون، بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی داراییش یەک دینار خەرج ناکرێ".

"زۆربەی زەویە موساتەحەکان کاریان تێدا نەکراوە"

زۆربەی ئەو زەویانەی کە بە موساتەحە دراون، لە کاتی خۆیان تەواو نەکراون، هەندێکیشیان تائێستا کاریان تێدا نەکراوە.

هاووڵاتی دانا سلێوە تۆما بە بڕیاری 5829 ئەنجوومەنی وەزیران لە 2006/5/4 پارچە زەوی ژمارە 838/108 کەرتی 5ی عەنکاوە، کە ڕووبەرەکەی 7700 مەتر دووجایە بە موساتەحە وەرگرتووە.

پارچە زەوی ژمارە 1235/238 لە کەرتی 5ی عەنکاوە، کە ڕووبەرەکەی 25 هەزار مەتردووجایە بە موساتەحە دراوەتە دیار ڕەمزی عەودیش.

پارچە زەوی ژمارە 1132/128 کە ڕووبەرەکەی 5800 مەتر دووجایە، بە موساتەحە دراوەتە ئارا هایکاس، بەڵام بەپێی زانیاری سەرچاوەکەی (ڕووداو) ئەو زەویە دوو ساڵە هیچ کارێکی لەسەر نەکراوە.

هاووڵاتی سلوان مەنسور شابا 13592 مەتر دووجا زەوی وەرگرتووە بۆ دروستکردنی مەلەوانگە، گرێبەستەکەشی لە 2009/5/6 کردووە، بەڵام سەرچاوەکەی (ڕووداو) دەڵێ "نەمزانیوە ئەو مەلەوانگەیە دروستکرابێ". هەروەها هاووڵاتی جوزێف جەمیل ڕووبەری 1745 مەتر دووجا زەوی وەرگرتووە بۆ دروستکردنی پێشانگەی گوڵی سرووشتی و کافتریا و شاری ئاوی بچووک، سەرچاوەکەی (ڕووداو) دەڵێ "من لە عەنکاوە تائێستا شاری ئاویم نەبینیوە". گرێبەستەکەی جۆزێف لە 2008/2/28 واژۆکراوە.

سەرۆکی شارەوانی عەنکاوە ڕەتیکردەوە کە موساتەحەکان دەستیان پێنەکردبێ و دەڵێت "تەحەددا دەکەم زەویەک هەبێ کاری تێدا نەکرابێ، هەندێک جێگەمان هەیە خزمەتگوزاری پێنەگەیشتووە، خاوەن گرێبەست ناتوانێ کاری لێ بکات تاوەکو ڕووپێوی ناوچەکە دەکرێ".

شارەوانی ڕێگەی بە دامەزراندنی کارگەی خواردنەوە کحولییەکان نەدا

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون سێ کەس بە ناوەکانی ئەمیر، قەرداخ، ئەکرەم هورمز ئەنتوان، کە هەر سێکیان بران، زەوی ژمارە 403/87یان کە ڕووبەرەکەی 13588 مەتر دووجایە بە موساتەحە وەرگرتووە بۆ ماوەی 49 ساڵ، بۆ دروستکردنی کارگەی خواردنەوە کحولیەکان، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ساڵ و نیوێک بەسەر گرێبەستەکەدا، تائێستا کارگەکە دروستنەکراوە.

سەرۆکی شارەوانی پشتڕاستیکردەوە ئەو داواکارییە هەبووە بۆ دروستکردنی کارگەی کحولی و گرێبەستیش کراوە، بەڵام بەهۆی ڕەخنەی خەڵکەوە گرێبەستەکەیان هەڵوەشاندووەتەوە "دیراسەی بابەتەکەمان کردو نووسراومان کرد بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە هاووڵاتیان لەگەڵ دروستکردنی ئەو کارگەیە نین، ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیاریدا کە کارگەکە دروستنەکرێ، ئێستا شوێنی کارگەکە کراوەتە هۆڵی ئاهەنگگێڕان".

ئایا مەلها لە عەنکاوە هەیە؟

یەکێک لەو دیاردانەی کە دانیشتووانی شارۆچکەی عەنکاوەی نیگەران کردووە بوونی ئەو هەموو باڕانەن کە لە عەنکاوە هەن، هەروەها لەگەڵ ئەو شوێنە نا ڕەسمیانەی کە ڕابواردنی لێدەکرێ.

بەپێی قسەی سەرچاوەکەی (ڕووداو) نزیکەی 50 ماڵ هەن، کە ئەو بە "مەلها" ناوی بردن و گوتی "زۆربەی ئەو شوێنانە لە نێو ماڵانن، دەبووایە جێگەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخانبکرێ"، گوتیشی "زۆربەی ئەوانەی دەچنە ئەو شوێنانە بە سەرخۆشی دێنە دەرەوە و میز لەبەردەگای ماڵان دەکەن یان قوتووی بەتاڵ فڕێدەدەنە نێو ماڵان، بەڕاستی خەڵکیان زۆر بێزار کردووەو ئێستا خەڵکی عەنکاوە وەک جاران ئازادییان نەماوە".

سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو شوێنە نافەرمیانە، سەرۆکی شارەوانی ڕووی گلەیی لە گەشتوگوزار دەکات و دەڵێت "گەشتوگوزار بێ هیچ مەرجێک مۆڵەت دەداتە ئەو باڕانە، من شەخسی خۆم زۆر بێزارم لەو باڕانە، خەڵکی هەولێر گلەیی لە ئێمە هەیە، کە دەڵێن عەنکاوە بووەتە شوێنی بڵاوکردنەوەی بێ ئەخلاقی"، گوتیشی "ئەوەی ئێستا لە عەنکاوە هەیە فەوزایە".

فەرهاد مەنسوور ئاشکرایکرد کە بەهۆی ئەوەی یەکێک لەو شوێنانەی داخستووە تووشی گرفتی یاسایی بووە "یەکێک لەو باڕانەی کە لە عەنکاوەدا هەبوو، فەوزای تێدابوو بڕیاری داخستنم دا، ئێستا خاوەنەکەی شکاتی لێکردووم و داوای 100 ملیۆن دینار قەرەبووم لێدەکات".

بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە لەسەر کار لادەدرێ

بەپێی ئەو زانیارییەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، فەهمی مەتی سوڵاقا، کە 16 ساڵە بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوەیە لە پۆستەکەی لادراوە، بەڵام ناوبراو ڕەتیکردەوە لەسەر کار لادرابێ و گوتی "خۆم داوای دەست لەکارکێشانەوەم کردووە".

سەرچاوەکەی (ڕووداو) پشتڕاستیکردەوە کە بەڕێوەبەری ناحیە لە کارەکەی دوور خراوەتەوە "ئەو دەمێکە لەسەر کار لادراوە، بەڵام لەسەرووی خۆی ڕێنماییان کردبوو، کە داوای دەست لەکارکێشانەوە بکات، تاوەکو خەڵکی عەنکاوە وابزانێ خۆی داوای دەست لەکارکێشانەوەی کردووە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئێستا جەلال حەبیب، کە بەڕێوەبەری کارگێڕی دادگای بەرایی عەنکاوەیە، بۆ شوێنگرتنەوەی فەهمی مەتی دەستنیشانکراوەو بڕیاری دامەزراندنەکەشی وەک بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە دەرچووە".